# ڕیبۆرتاژێك لەسەر شاری کەرکوك

## پەیامنێری کوردستان نێت

دوای چەندین ساڵ لە نەهامەتی و کوێرەوەری زوڵم و زەنگی زۆر داری شاری کەرکوك جارێکی تر ئازاد دەکرێت لە دەسەلأت و سیستەم و دام و دەزگاکانی حیزبی بەعس ...رەنگە ئەم ئازادی یە سەرەتایەك بێ بە کۆتایی هێنانی زوڵم و زۆرداری و راگواستنەوەی کوردەکانی کەرکوك. . ئێمە هەر لەیەکەم رۆژدا گەشتمان دەکرد بەناو شاری کەرکوکەوە زۆر لە ىخەڵکانی کەرکوك بەخۆشییەکی شێواو خۆشی یەکانی خۆیان دەردەبری. . بەلأم ئەوەی راستی بێ دیمەنی تالأنی دام و دەزگاکانی حکومەت و تا ماڵی خەڵکی گرتەوە لەلایەن چەند کەسێك کە بەرێز وەستا حسن سەرپەرشتیاری کارەکانی ئاسایشی گشتی لە کەرکوك دا بەنەفس نزم و شرەخۆر ناویان هێنا بەرێزی وەتی کەلە پاڵی هێزی پێشمەرگە لەکاتی رزگار کردنی شاری کەرکوك داهاتوونەتە ناو شاری کەرکوك بۆ تالأنکردن. . بەلأم بەداخەوە ئەو دیمەنە هەر لەکەرکوك نەوەستایەوە بەڵکو لە زۆربەی شارەکانی عێراق ڕویدا. . هەندێ لەو کوردانە بەرەو شاروچکەی ( الحویجە) ڕۆیشتن زۆریان دەست گیر کران لە لایەن کەسایەتی و سەرۆك عەشیرەتەکان ئەو ناوچەیە بەلأم دواتر ئازاد کران تەسلیمی کەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کران. . وهەروەها چەندین تەرمی لاوی کوردمان بە چاوی خۆمان دیدەکرد لە رێگای کەرکوك – تکریت کە ژمارەیان حەوت لاشەبوو. . هەندێ لە هاوولأتیانی عەرەبی ئەو ناوچەیی ووتیان ئەمانە بۆ تالأن کردنی ئێمە هاتوون ئێمەیش دیفاعمان لەماڵ و سەری خۆمانی کردوە. . راستی دیمەنی تالأنی خەڵکی کەرکوکی ماندو کرد چونکە سەرەتایی چوونمان بۆ کەرکوك کارەبا و ئاو هەبوو بەلأم دوای چەند کات ژمێرێك لە ئازاد کردنی نەکارەبا و نەئاو نەما تا سێ رۆژ لە هەندێ گەرەکی کەرکوك نەبوو بەلأم بەرێوەبەرایەتی کارەبا سلێمانی حکومەتی هەرێم هاتن بۆ شاری کەرکوك کارەبایان چاك کردەوە هەر لەدوای سێ رۆژدا بەهاوکاری رێکخراوەی شنەبای ژاپۆنی و بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ئاو گەرایەوە بۆ ئەم شارە. . بوە مایەی خۆشی خەڵکی ... تا سێ هەمین رۆژی ئازادی کەرکوك لە دەسەلأتی بەعس. . بەهۆی نەبوونی دام و دەزگای حکومەتی نائارامییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. . دواتر هێزی ئاسایش و پۆلیسەکانی سلێمانی و هەولێر هاتن لەگەڵ بەرێوەبەریەتی پۆلیسی هاتوو چوو. . کە بوە هۆی ئارام کردنەوەی وەزعی شاری کەرکوك ئەوەی راستی بێ نوسراوێکی سەر لافیتەیەك جبەی تورکمانی سرنجی راکێشام و دوای لێکۆڵینەوە تەواو لەسەر نووسراوەکە کە بریتی بوو لە

( (مدینة کرکوك ترکمانیة وستبقی الی الابد ترکمانیة) ) بۆ ئەم مەبەستە سەردانی زیاتر لەیەك موختاری ناوچەی کەرکوکم کرد بەتایبەتی ئەوانەی کە تەمەنێکی گەورەیان هەیە و پرسیارمان لە زۆربەی حیزبەکانی کوردی یەکانمان کرد نیگارانی خۆیان بەرامبەر ئەو درۆشمە دەردەبرن ئەیان وت راستی لەلای نەك تەنها ئێمەیە بەڵکو لای خەڵك و ئاماری شاری کەرکوکە. . هەڤاڵ رفعت لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوك و ئەندامی سەرکردایەتی. ( ی. ن. ك) وتی شاری کەرکوك شاری بەیەکەوە ژیانی کوردو تورکمان و عەرەب و ئاشوری یە ئێمە لەگەڵ هیچ درۆشمێکی لەو شێوە نیین رەنگە ئەوە ببێت سەرەتایی درۆست کردنی جیوازی نەتەوەیەکانی لە ناوکەرکوك ... هەروەها چەند هاوولأتی یەکی تورکمان لە کەرکوکدا دژی ئەو درۆشمە بوون لە وانە هاوولأتیان نهاد محمد وجنید عبداللە و ئەرکان جبار واحمد شریف وعلی البیاتی وصالح البیاتی کە زۆریان خەڵکی بازاری قوریەی کەرکوکن. . وەهەروەها چەندین هاوولاتی تری عەرەب و کوردو تا ئاشوری دژی ئەم درۆشمە بوون و بۆ چونی جیاوازیان پێشکەش دەکرد بۆ راستی ئەم مەسەلەیە بەلأم زۆریان دەیان وت کەژمارە خەڵکی کورد لە کەرکوکدا لەپێش سیاسەتی تەعریب راگواستنەوەی ئەم شارە زۆر زۆر تربوون لە هاوولأتیانی عەرەب و تورکمان و ئاشوری ... پێش سێ رۆژ مەسەلەی چەك کردنی چەکداران لە کەرکوکدا دەستی پێ کردوە کە هێزەکانی ( ی. ن. ك) و ( پ. د. ك) و ( ح. ش. ك) وحیزبەکانی تری گرتۆتەوە هەروەها ئاسایشی کەرکوکی پارتی دیموگراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی گرتەوە بەتایبەتی ئەوانەی بەجل و بەرگی ۆەسمی یەوە نیین. . ئەم دیاردەیە دیارە بەتەنها هێزە کوردی یەکانی نەگرتەوە بەڵکو جبهەی تورکمانی و حیزبە ئو پۆزسیوەنەکی عێراقی یشی گرتەوە. . وەهەروەها بارەگای کۆمەڵی ئیسلامیش یەکێك بوو لەوان ... وەهەروەها دووبازەگەی ئەمریکی لە سلێمانی و هەولێردا هەیە هەموو کەسێك چەك دەکەن وەك رۆژی ٢٠٠٣/٤/٢١ بەرێز بایز گالبانی

سەردانی کەرکوکی کرد بەلاَم هەموو حمایەکانیان چەك کرابوون لە بازگەی سلێمانی – کەرکوکی ئەمریکی کە بەرێز وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە سلێمانی ... ئەمەو چەند هەواڵێکی دور لە راستی بڵو بووتەوە لە رۆژنامەکانی تورکیا کە گوایە شەر هەیە لە بەینی کوردو تورکمان و سێ کەس بریندار بوون .... راستی ئەم ڕوداوە هاوولاَتی یەکی تورکمان بەناوی عباس کە تا ئێستا وەستگیر کراوە لەلای هێزەکانی ئەمریکی بەرەچەڵەك تورکمانە سەرخۆش بووە سێ تورکمانی بریندار کردوە .... ئێستا لەشاری کەرکوك قوتابخانەکانی کەرکوك دەستیان بەدەوام کردوە بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی کەمترین زەرەریان پێ گەیشتووە . سەردانی قوتابخانەی ناوەندی خانزاد و دواناوەندی قوریشمان کرد خوێندکاران زۆریان هاتوو بوون ئامادە بوون لە خوێندنگاکانیان. . بەلاَم بەداخێکی زۆرەوە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان توشی زەوری گەورە بوون .... بەلاَم ئێستا خەریکی چاك کردنی خراپ کارەکانی رابردون .... هەروەها شارەوانی سلێمانی و هەولێر بەیەکەوە کاری باشیان ئەنجام داوە بۆ جوان کردنی دیمەنی شاری کەرکوك بەلاَم بوونی دوو دائیرەی جیاوازی (ی. ن. ك) و ( پ. د. ك) کە دوو پارێزگا هەیەو ئاسایش هەیە هتدا ... بۆ بەهۆی بێزار بوونی خەڵکی کوردی کەرکوك وەهەروەها لیژنەیەکی تایبەت دامەزراوە لە کەرکوك بۆ بەرێوەبردنی کاری ئیداری و چارەسەر کردنی و کێشەکانی کەرکوك کە پێك هاتووە لەشەش ئەندام لەهەر نەتەوەیەك و ژوری تایبەتیان هەیە لە پارێزگای کەرکوك بەسەر پەرشتیاری کوڵێنر ( (مایکل فێڵ) ) ....

ئێستا شاری کەرکوك وەزعی زۆر ئارامەو ئاسایی ی چەندین رۆژنامەنووسان کەرکوکیان کردۆتە مەڵبەندی جووڵانەوە یان بەداخەوە تا هێستا هێڵی ئەنتر بێت و خەتی پەیوەندی جیهانی تەواو نیەیە تەنها چەند موبایلێکی ثریا نەبێت.

**رۆژنامەنووس**

**سابیر محمود داماو**

**٢٠٠٣/ ٣ / ٢٤**